به بۆنەی بیست و دووەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ەوە

# ڕامان پڕۆژەیەکی ئەدەبی ناوازە

**یووسف لەتیف**

بیست و دوو ساڵەی بەردەوامی و ماندووبوونی ستافی گۆواری ڕامان، کە وەک پڕۆژەیەکی ئەدەبی و هونەری و کولتووری هاتەپێش بەرز دەنرخێنین، لە کاتێکدا کە هیچ مانایەک بۆ وشە و پەیڤی جوان و پڕشنگدار نەمابووەوە، لە کاتێکدا پەنجەکان یەکتربیان دەشکان و وشە گەوهەردارەکانی نووسەران سەردەبڕان و وەک گەڵای پاییز لە ژێر پێدا پان دەبوونەوە، لەو شەوەزەنگەدا چەند کەسێک بەچرایەکەوە هاتن و یەکە یەکەی ئەو گەڵا وەریوانەیان کۆدەکردەوەو لەدووتوێی گۆوارێکدا دەیانپاراستن و بڵاویان دەکردنەوە. ئەم زەڕەنگەرانە قەدر و سەنگی وشەیان دەزانی و پڕۆژەیەکی جوانیان پێشکەش کرد، هەرچەندە لەناو قەومی بەسیتا قەدری سەنعەتکار وەک گەمەی مناڵانەو جار نەجارێ دەبینین کێردی سوورەوەبوو لە ملی ئەو گۆوارە دەسوون، هەڵبەت ناحاڵی هەموو جورئەتێکی لێ پەیدا دەبێ و زاتی ئەوە دەکا کە داری ژێر پێی مێژووی خۆی ببڕێتەوە.

بەبەرچاومانەوەماڵوێرانی ڕاگەیاندنی کوردی دەبینین، لە ڕووی ناپرۆفیشناڵی و شێواندنی زمان و ڕاستی، بگرە مێژووش، کەچی دیسانەوە دەستی شێواوی ئەوان دەگیرێ و لە ئاڵتوون دەگیرێ و گۆوارێکی وەک ڕامانیش هەڕەشەی کوژانەوەی لێ دەکرێ، کە دڵنیام خەرجییەکەی مانگانەی پەیامنێرێکی کوردی نەزانی لێ خەرج ناکرێ.

لەکاتێکدا ئێمە هەموو چاومان بڕیبووە ئەوەی کە ئەو بەڕێزانەی چارەکە سەدەیەکە خەریکی گوڵبژێری وشەی جوان و سپیکردنەوەی وشەی شیاو وەک خشتی نەقش لە ناو کورەکەدا چێ دەکەن، بە دەرزی کلافەی ئەو هەرەمە دەچنن کە دەبێتە ماڵێک لە مەرقەدی بیر و ئەندێشەی ئەو مێژووە ئەدەبی و کولتوورییەی کە خزمەتیان بە ئاییندەی میللەتەکەمان کردووە. هەڵبەتە چاومان لەوە بوو ئەو گۆوارە لەو ئەزموونەی وەریگرتووە، ساڵانە فیستیڤاڵی گەورە ساز بکاو باشترین داهێنەرەکانی هەموو بوارەکانی ئەدەبی و کولتووری خەڵات بکا و خەڵاتی ڕامانی پێ ببەخشرێت کە سەنگ و قورسایی خۆی هەیە .باشترین داهێنەری کچ و کوڕ و کتێب و ڕۆمان و شیعر و چیرۆک و نۆڤڵێت و شیعر هەڵبژێرێت و هەموو پارچەکان کە وەک پێشتر هی هەموویان بووە، ساڵانە لە یادێکی پڕ شکۆدا ئەو یادە بکرێتەوە. کەچی جێی داخە پێچەوانەکەی دەبینین و ئەو ستافەی کە چاو و تاقەت و تەمەنی خۆیان لێ سەرف کرد وەک پشتگیری بۆ خەون و سەلیقە و مێژووی ئەدەبی خۆیان بە چنگەکرێ و کوردە ناموسییەوە مانگانە لەوادە و ئانی خۆیدا کۆوارەکەمان بۆ دەکەنەوە بە دیاری.

سوپاس بۆ کۆواری ڕامان کە توانی لە ڕابوردوودا بە هەموو دوور و گەوهەری هەرچوار پارچە و ئەورووپا و ئەدەبی وەرگێڕاوی دنیامان ئاشنا بکا، سوپاس بۆ ئەو بەڕێوەبەرە خاکەڕایانەی خۆمان کە تامی ئەو مێژووە کولتوورییە جوانە دەدەن، کە دڵنیام لای هەموومان چییان چاند، هەر ئەو شەوقە جوانە دەدەنەوە.